
ئازادکردنی ٢١٩٥ زیندانی لە مانگی حوزەیران... لەبوردنی گشتی لە پێشەنگی هەڵکارەکانی ئازادکردنەوەدایە



وەزارەتی دادی عێراق ئەوە چوارشەممە ڕایگەیاند، کە ژمارەی ئەو زیندانیانەی ئازادکراون، گەیشتوەتە دو هەزار و 195 زیندانی لە بەغدا و پارێزگاکانی دیکە.

وەزارەتی دادی عێراق لە بەیاننامەیەکدا کەدستی موتەبع کەوتووە باسی لەوەکردوە، "375 زیندانی بە مەرجی ئازادکردن، بە بڕیاری ئیختیاری، یان لەگەڵ تەواوبونی سزاکەیان ئازادکراون، لەکاتکدا 1819 زیندانی بەپێی یاسای لەبوردنی گشتی ئازادکراون".

ئاماژەی بەوەشکردوە، دەزگای چاکسازی بڕدەوام چاودێری میکانیزمی ئازادکردنی زیندانیان دەکات دوای تەواوکردنی سەرجەم هەڵکارە یاساییەکان، لەپاڵ پابەندبونی بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بەپێی چوارچێوە یاساییەکان و بە بڕزترین ئاستی پیشەیی.